## بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

**ژمارەی دەرچوون: ٥**

**مێژووی دەرچوون :٢٠١٨/١/٣١**

پشت بەحوکمی بڕگەی (١) لە ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو و، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، و لەسەر ئەو یاساکارییەش کە پەرلەمان لە دانیشتی ئاسایی ژمارە (٦)ی رۆژی ٢٠١٨/١/٣١ ئەنجامیداوە و، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە لە بڕگەی (سێیەم)ی (ماددەی یەکەم) لە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٧ بەدەسەڵاتی سەرۆکایەتی پەرلەمان دراوە، بڕیاری دەرچوواندنی ئەم یاسای دا:

## یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٨

## یاسای هەمواری یەکەمی هەمواری جێبەجێکردنی

## یاسای هاتووچۆی ژمارە (٨٦)ی ساڵی ٢٠٠٤ لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق

**ماددەی (١):**

دەقی بەشی ژمارە (٢١)ی یاسای هاتووچۆ هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

**یەکەم:** هەر کەسێك سوارۆیەك (مرکبة) بەبێ مۆڵەتی لێخورین یان بە مۆڵەتێکی لێخورینی لی راکێشراوە، یان هەڵوەشێندرایەوە، یان ناتایبەت بە جۆری سوارۆیەکە لێبخورێت ئەوا بە پێبژاردنێك لە (٢٥٠٠٠٠) دووسەدوپەنجا هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە (١٠٠٠٠٠٠) یەك ملیۆن دینار زیاتر نەبێت سزا دەدرێت و، ئەو کەسەی سوارۆیەکەی لەبەردەستە (خاوەنی بێت یان لە ژێر دەستی بێت) هەمان سزا دەدرێت ئەگەر رێگە بدات کەسێکی نامۆڵەتدراو بە لێخورین ئەم سوارۆیە لێبخورێت.

**دووەم:** لە حاڵەتی دووبارە ئەنجامدانەوەی ئەو تاوانەی لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەو ماددەیە دەقی لەسەر کراوە ئەوا سزاکە دەبێتە بەند کردن بۆ ماوەیەك لە (١) یەك مانگ کەمتر نەبێت و لە (٣) سێ مانگ زیاتر نەبێت و، پێبژاردنێك لە (٢٥٠٠٠٠) دووسەدو پەنجا هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە یەك ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.

**ماددەی (٢):**

دەقی بەشی ژمارە (٢٢)ی یاسای هاتووچۆ هەمواردەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

**یەکەم:** هەر کەسێك لە ژێر کاریگەری ماددەیەکی سەرخۆشکار (مسکر) یان هۆشبەر (مخدر) سوارۆیەك (مرکبة) لێبخورێت ئەوا بە بەند کردن بۆ ماوەیەك کەمتر نەبێت لە (٣) سێ مانگ و زیاتر نەبێت لە (٦) شەش مانگ یان بە پێبژاردنێك کە لە (٥٠٠٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە (١٥٠٠٠٠٠) یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت سزا دەدرێت و، مۆڵەتی لێخورینەکەی لێ رادەکێشرێتەوە بۆ ماوەیەك لە (٣) سێ مانگ زیاتر نەبێت.

**دووەم:** لە حاڵەتی دووبارە ئەنجامدانەوەی ئەو تاوانەی لە بڕگەی ( یەکەم )ی ئەم ماددەیە دەقی لەسەر کراوە ، ئەوا سزاکەی دەبێتە بەند کردن بۆ ماوەیەك کەمتر نەبێت لە ( ٦ ) شەش مانگ و زیاتر نەبێت لە یەك ساڵ ، یان بە پێبژاردنێك کە لە ( ٢٠٠٠٠٠٠ ) دوو ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لەگەڵ لێ راکێشانی مۆڵەتی لێخوڕینەکەی بۆ ماوەیەك لە ( ٦ ) شەش مانگ کەمتر نەبێت.

**سێیەم:** لەکاتی ئەنجامدانەوەی تاوانەکە بۆ زیاتر لە دووجار سەرەڕای ئەو سزایانەی لە بڕگەی (دووەم)ی ئەو ماددەیەدا هاتووە و لێراکێشانی مۆڵەتی لێخورینەکە بۆ ماوەیەك دەبێت کە لە (٣) سێ ساڵ زیاتر نەبێت.

**چوارەم:** پێویستە لەسەر دادگا بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی پەیوەندار لە دەرکردنی بڕیاری لێراکێشانی مۆڵەتی لێخورین ئاگادار بکاتەوە لەدوای بنبڕبوونی حوکمی تاوانبارکردنەکە.

**ماددەی ( ٣ ):**

دەقی بەشی ژمارە (٢٣) ی یاسای هاتووچۆ هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

**یەکەم:** هەر کەسێك بەهۆی لێخوڕینی سوارۆیەك ببێتە مایەی ئازار یان نەخۆشی گەورە ( اذي او مرض جسيمين) یان پەککەوتەیی ( عاهة ) هەمیشەیی بۆ کەسانی دیکە، یان سەروەت و سامانیان لەبەر رەچاو نەکردنی یاسا و پێرەوو رێنماییەکان، ئەوا بە بەندکردن بۆ ماوەیەك لە ( ٦ ) شەش مانگ کەمتر نەبێت و لە (٢) دوو ساڵ زیاتر نەبێت و بە غەرامەیەك لە ( ٧٥٠٠٠٠ ) حەفت سەدو پەنجا هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە (١٥٠٠٠٠٠) یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت سزا دەدرێت لەگەڵ لێراکێشانەوەی مۆڵەتی لێخورینەکە بۆ ماوەیەك لە (٦) شەش مانگ کەمتر نەبێت.

**دووەم:** ئەگەر تاوانەکە ئەنجامدرابوو لە کاتی لێخورینی سوارۆیەکە بە سەرکێشی (رعونه)، یان بێ باکی (استهتار)، یان شوفێرەکە لە ژێر کاریگەری ماددەیەکی سەرخۆشکار (مسکر)، یان هۆشبەر (مخدر) بوو بێت، یان یارمەتی ئەو کەسەی نەدابێت کەوا تاوانی لێکراوە، یان داوای یارمەتی نەکردبێت بۆی لەگەڵ بوونی توانای یارمەتیدانی، ئەوا سزاکەی دەبێتە بەندکردن (الحبس) بۆ ماوەیەك لە یەك ساڵ کەمتر نەبێت و لە (٣) سێ ساڵ زیاتر نەبێت و یان بە پێبژاردنێك کە لە (١٠٠٠٠٠٠) یەك ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و و لە (١٥٠٠٠٠٠) یەك ملیۆن وپێنج سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت، یان بە هەردوو سزایەکە لەگەڵ لێراکێشانەوەی مۆڵەتی لێخورین بۆ ماوەیەك لە یەك ساڵ کەمتر نەبێت.

**سێیەم:** پێویستە لەسەر دادگا بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی پەیوەندار لە دەرکردنی بڕیاری لێراکێشانی مۆڵەتی لێخوڕین ئاگادار بکاتەوە لەدوای بنبڕبوونی حوکمی تاوانبارکردنەکە.

**ماددەی ( ٤ ):**

وەزارەتی ناوخۆ بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی ڕێنمایی پێویست بۆ دیاریکردنی ڕێژەی مادده کحولیەکان لە لەشی شوفێر دەردەکات.

**ماددەی ( ٥ ):**

کار بە هیچ دەقێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکرێت.

**ماددەی ( ٦ ):**

ئەم یاسایە لەدوای تێپەربوونی (٣٠) سی ڕۆژ بەسەر بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی کوردستان)دا جێبەجێ دەکرێت و بەسەر ئەو تاوانانە پیادە دەکرێت کە لە دوای بەرکاربوونی ئەنجام دەدرێن.

| | | |
|---|---|---|
| **بێگەرد دلشاد شکراللە** | **جعفر ابراهیم ئێمینکی** | **یوسف محمد صادق** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان - عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** |

**هۆیەکانی دەرچواندن**

به لەبەر چاوگرتنی ئەو پەرەسەندنانەی هاتۆتە ئاراوە دوای دەرچوونی یاسای هاتووچۆی ژمارە (٨٦)ی ساڵی ٢٠٠٤ لە پێناو سنوردار کردن وکەمکردنەوەی ڕووداوەکانی هاتووچۆ و پاراستنی گیان و سامانی هاووڵاتیان وگونجاندنی لەگەڵ ئامانجەکانی یاساکە، ئەم یاسایە دەرچوێندرا.